# قسەیەکی تر




**بڵاوکراوەی نوێ**

ژمارە(٤)ی گۆڤاری (چاوی هەژان)کە پاشکۆیەکی (فیکریی، مەعنەوی، ئەدەبی) (گۆڤاری هەژان)ەو {ناوەندی مەعریفەت(هەژان) بۆ فیکرو مەعنەوی یەت} دەری دەکات، کەوتە بازارەوە.
لەم ژمارەیەدا لە هەر سێ بوارەکەدا کۆمەڵێ بابەتی بە پێزی تێدایە و چەند دیمانەیەکی لە خۆگرتووە، هەروەها پڕۆژە مەعنەوی وئەخلاقی یەکەی نووسەرو بیرمەندی مەزنی ئێرانی(دکتۆر موستەفا مەلەکیان) خراوەتە ڕوو.



## خانەنشین کردن
### میزانیەی توشی نەزیف کردوە!

جەمال غەریب حەمە

لە بیست ساڵەی تەمەنی هەر دەسەڵاتێکی دیموکراسیدا، کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن پێکهاتبێت و تەمەنی هەر کابینەیەکیش چوار ساڵ بێت، ئەوا دەبێت ئەو دەسەڵاتە خاوەنی پێنج خولی هەڵبژاردن و پێنج کابینەی حکومەتیشی ئاڵوگۆڕ پێ کردبێت، کەچی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا تەنها سێ گەڕی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، بێجگە لە سەردەمی دەبڵ کابینەییەکەش، ئەوا ئەمڕۆ لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی حەوتەمداین! ئەمە لە کاتێکدا نە کودەتای سەربازی و نە هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام دراوە.
جارێ با واز لەوە بهێنین کە سەرۆکی ئەو کابینانە لە چەند دەموچاوێک زیاتر نەبون، ئەوەی جێگای نیگەرانییە لەو ئاڵوگۆڕە زۆر و زەوەندانەی نێوان ئەو کابینانەدا، تەنها کار لەسەر گۆڕینی حیزبەکان و دەموچاوی نوێنەری حیزبەکان کراوە لە پۆستە وەزارییەکاندا، سیستەمەکەش هەمان سیستەمی کابینەکانی پێشوو بوە، واتە هیچ گۆڕانێکی ئیجابی بەرچاو لەنێوان کابینەکاندا بەدی ناکەیت! تەنها ئەوەی بەدی دەکرێت، جیاوازی بەشداری حیزبەکان بوە لە کابینەکاندا، جیاوازیەکی تریش قەبارەی گەورە و بچوکی کابینەیەکە لە کابینەیەکی تر.
هەمو ئەوانەی کە باسمان کرد، لەلایەک و ئەو نەزیفەی کە ناوی خانەنشینە لە میزانیەی ئەم هەرێمەدا، لەلایەکی تر. گەورەترین گرفت لە میزانیەی هەرێمدا خانەنشینە لە پۆستە باڵاکان و موچەی بن دیواری ئەندامانی هەردوو گەورە حیزبەکەیە، ئاخر لەکوێی دنیادا بینراوە کە هەرێمێک لە چوار ملیۆن کەس پێکهاتبێت، کەچی ملیۆن و نیوێکی موچەخۆری حکومەت بن؟! وەنەبێت خانەنشینکردن تەنها لە پۆستە باڵاکانی حکومەت و پەرلەماندا بێت! ئەگەر چاوێک بگێڕیت بەناو ئەو کەسانەی کە بە پلەی باڵا خانەنشین کراون، ئەوا چاوت بە دەیان و سەدان ناو دەکەوێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هیچ پۆستێکی حکومەتدا نەبون! هەروەها چاوت بە سەدان و هەزاران موچەخۆری بندیوار دەکەوێت، ئەوە بێجگە لە ئەندامانی حیزبی کە کار بۆ حیزب دەکەن و موچەخۆری دەوڵەتن!
ئەگەر وا بڕوات، هەر دوو ساڵ جارێک کابینەیەک خانەنشین بکەین و کابینەیەکی تر دەستبەکار بێت، ئەوا بیست ساڵی تر ئەمڕۆ ئێمە لە سەروبەندی کابینەی حەڤدەهەمداین، واتە بایی شازدە کابینە خەڵکیمان بە پلەی باڵا و ئاسایی خانەنشین کردوە و بێکار ناردونمانەتەماڵەوە! کێ دەزانێک ئەوکاتە لە میزانیەکەمان چەندی بۆ موچە و خانەنشینی دەڕوات و چەندی لێ دەمێنێتەوە؟! ئەی ئاخۆ ئەوکاتە لە هەرێمی کوردستان کەس دەمێنێت موچەخۆر، یان خانەنشین نەبێت؟!
تکایە ڕێگە لەو نەزیفە لەسەر میزانیەی هەرێم بگرن، تا کار لە کار نەترازاوە!!




یەکگرتوو
www.yakgrtu.org
ژمارە (٨٧٥)
دوو شەممە ٢٠١٢/١/٣٠ ز
ساڵی حەڤدەهەم
www.yakgrtu.org
Yakgrtu١٩٩٤@yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ * ٠٦٦٢٥٦٢٤٤
ناونیشانی ڕۆژنامەی یەکگرتوو: هەولێر : گەڕەکی تەیراوە - بەرامبەر گەراجی باکوور تەنیشت مەڵبەندی - دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان